کوردستان نێت KURDISTAN NET

# با سوێسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێت!

(2)

حەمەسەعید حەسەن

## ڕاستگۆیی و فیکر

یەکێک لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعر ڕاستگۆییە، ئەگەر شیعر لە ڕاستگۆیی بێبەش بوو، وەک پەیامبەرێکی بێ پەیام و جەنگاوەرێکی بێ باوەڕی لێ دێت. ئەو شاعیرانەی وەک هۆکارێکی خۆڕیاندن سەرنجی شیعر دەدەن، ئەوی مەبەستیان نەبێت ڕاستگۆییە، ئەوانە دەتوانن شیعر بکەنە پیشە و وەک شاعیریش بناسرێن، وەلێ خاوەنی داهاتوو نین. ئەوانەی وای بۆ دەچن، (جوانکاریی لە دەربڕیندا لە ڕاستگۆیی گرنگترە و شاعیر تەنیا داوای دەربڕینی جوانی لێ دەکرێت و ڕاستگۆیی خەسڵەتی پێغەمبەرانە نەک شاعیران،)(١٤) لە ڕاستی دوور دەکەونەوە و ڕۆڵی ڕاستەقینەی شیعر ڕەچاو ناکەن.

چریە ئەڵێن: ماوەیەکە شاخی قەندیل

لە ناو هەموو شاخەکاندا

بە تەنها ئەو پێئەکەنێ

بینیویانە چیتی هەورێکی گوڵگوڵی ‹سەر›بەستێتی،

بینیویانە و خۆی وتوویێتی

بۆیە ئاوا دڵی خۆشە

چونکە هەڵۆی سووری داستان میوانێتی. هەڵۆ ل٨٣

لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا یەکەمین دەستە پێشمەرگەی ینک دەگاتە چیا، شێرکۆ بێکەس لە ساڵی ١٩٧٨دا لە شانۆنامەی (ئاسک)دا، قارەمانەکەی (کە ‹پیرۆت›ی ناوە و پیرۆتیش ناوی نهێنیی سەردەمی پارتایەتیی جەلال تاڵەبانییە) بۆ ڕزگارکردنی ئاسکە موبارەک کە ڕەمزە بۆ مافی گەلی کورد و لە جێیەکی سەختی چیادا گیری خواردووە، دەنێرێت، بەڵام پیرۆت ئاسکە موبارەکی پێ قوتار دەکرێت، یان نا؟ شێرکۆ بێکەس گومانی هەیە و وەڵامی ئەو پرسەی بەرەو ڕووی داهاتوو کردووەتەوە. لێرەدا خوێنەر لە ڕاستگۆیی شاعیر کە گوایە وەک بە (داستانی هەڵۆی سوور)ەوە دیارە، هەر لە سەرەتاوە، هەڵۆ سوورەکانی قەندیل جێگای هیوای بوون، دەکەوێتە گومانەوە. ئەوەتا شێرکۆ بێکەس لە (ئاسک)دا دەڵێت:

هاتنەوە گرنگە، هاتنەوە،

گیر ئەخۆن، وەک ئاسکە موبارەک، گیر ئەخۆن.(١٥)

شێرکۆ بێکەس سەبارەت بە شانۆنامەی (ئاسک) دەڵێت: (ڕووداوەکان بە لای ڕابردووی نزیک و ئێستاماندا نەهاتوون.)(١٦) ئەمەشیان مشتێک خۆڵی دیکەیە بۆ چاوی خوێنەر و ڕەچاونەکردنی ڕاستگۆییە. هونەر دەتوانێت لە هەموو واقعێک ڕاستگۆتر و لە هەموو دیاردەیەک واقیعییانەتر بێت. گۆتە لە (فاوەست)دا، وەک دیوی دەرەوە باس لە چارەنووسی پیاوێک دەکات، بەڵام ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی شیعرەکە، وێنەکێشانی داهاتووی هەموو مرۆڤایەتییە.(١٧)

یەکێک لە سیماکانی ئەدەبی ڕۆمانتیک بایەخدانە بە تاکە پاڵەوان و زێدەڕۆییکردنە لە نیشاندانی توانا و دەسەڵاتی بێسنووری تاکەکەسدا. شێرکۆ بێکەس وەک ڕۆمانتیکێک وێنەی پاڵەوانی شیعری (پیاو)ی کێشاوە، بۆیە وەک خوداوەند باڵا و دوور لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نیشانی داوە! (ئەو تراژیدیایەی شاعیر باسی دەکات، تەنیا مرۆڤێک دەتوانێت، هاوزەمان ڕۆڵی پاڵەوان و قوربانیشی تێدا بگێڕێت، کە خاوەنی سروشتێکی

پاکژ و باڵا بێت، چونکە لە واقیعیشدا هەر ئەو جۆرە پاڵەوانانە دەبنە قوربانیی مەسەلە پیرۆزەکان.)(١٨) لە هەموو کۆمەڵگایەکی چینایەتیدا، شیعری چینایەتیش هەیە، ئاخر شیعر دەشێت ڕەنگدانەوەی هونەرییانەی ململانێی نێوان چینەکان بێت، بۆیە شێرکۆ بێکەس لە ڕوانگەی چینەکەی خۆیەوە سەرنجی مەسەلە و دیاردەکانی داوە، ئەگەر نا قارەمانی شیعری (پیاو)ی وەک خوداوەند بە خوێنەر نەدەناساند.

(چاکترین پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی پیاو، هەڵوێستییەتی لە ئافرەت.)(١٩) بۆیە سەرنجدانی شیعری شێرکۆ بێکەس لەم گۆشەنیگایەوە کارێکی بێسوود نییە. بابەتی هۆنراوە، پاسپۆرت نییە تا شاعیر بتوانێت بە هۆیەوە، خۆی لە کۆنترۆڵی ڕەخنە دەرباز بکات. شێرکۆ بێکەس لەو هۆنراوەیەدا کە بۆ (ئارام)ی گوتووە، دەڵێت:

وڵاتە دەسگیرانەکەم ڕووت و قووت بوو،

بەبەر چاوی خۆمانەوە

دەست بۆ قوتکەی مەمکی ئەبرا. هەڵۆ، ل٢٥٩

هەموو شێوازێکی بیرکردنەوە، شێوە زمانێکی خۆی هەیە، شێوەی زمانی شۆڕشگێڕێکی ئەم سەردەمە، لە زمانی شۆڕشگێڕێکی سەردەمی پێشوو، جیاوازە. شاعیری شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمە، سەردەمی ململانێی نێوان کار و سەرمایە، گۆرانی بۆ تاکەسوار و ڕم و شمشێر ناڵێت، وەک ژن ناڕوانێتە نیشتمان، شەرەفی ئافرەت لە پەردەی کچێنیدا نابینێت و ژن وەک ئینسانێکی چەوساوە نیشان دەدات.)(٢٠) لێکچوواندنی نیشتمان بە ئافرەت، ڕەنگدانەوەی بیری ئەوانەیە، هەموو ژیان لەو خۆشییەدا دەبینن کە ئامێزی ژن پێیان دەبەخشێت و ئافرەتیشیان تەنیا لەبەر ئەو خۆشییە، مەبەستە.

بەیان وابوو

برایمۆکی هەژارانی ئەم وڵاتە یاری ئەو بوو،

دەستێ کورتەک و شەرواڵی کوردیی شڕۆڵ

بەرگی بووکێنییەکەی ئەو بوو،

ڕیزەفیشەکی ناوقەدی

هەیاسەکەی پشتی ئەو بوو. هەڵۆ، ل٢٩٧

بەیان لە کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردەواری یاخی دەبێت و زللەیەکی توند دەسرەوێنێتە پەناگوێی ئەو کولتوورە بێفەڕەی چۆکی لەسەر سنگی کۆمەڵ داداوە، بەیان بە گژ کولتووری (بەرخی نێر بۆ سەربڕین و بەرخی مێچکەش تەنیا بۆ دۆشین خوڵقاوە)دا، دەچێتەوە.

ماکەوەکەی خاڵ لە ملم،

کەوتە چینە

لەسەر گڵەسوورەی دڵم. هەڵۆ، ل٢٨١

بەڵام بەیان و شێرکۆ بێکەس هەر یەکی لە دۆڵێکدان، ئەم پشکۆی کوانووی ساردوسڕی چەوساوەکانە، بیری لای سڕینەوەی مەرزی نێوان چینەکانە، ژیانی بە زەحمەتکێشان دەبەخشێت و لوتکەی خۆشی و ئازادیی خۆی لەو یاخیبوون و خەباتەدا دەبینێت، ئەویش وای بۆ دەچێت، بەیان بۆیە فریشتەیە، چونکە سەرقاڵی دڵداریی نییە و هەژارانی کردووە بە یاری خۆی، بۆیە دڵی پێی دەسووتێت، چونکە نەیتوانیوە ئارەزووی لەشی تێر بکات و بە پۆشاکی بووکێنی شاد نەبووە.

شێرکۆ بێکەس خۆبەختکردنی بەیان تەنیا لەوەدا دەبینێت کە وەک ژنێک دەستبەرداری زرەی زێڕ و ژووری سووری نوستن بووە. لە کن ئەو، بەیان بۆیە پیرۆزە و پاکژە، چونکە هەر بە کچێنی چیای هەڵبژاردووە و هەر بە کچێنیش گیانی خۆی بەخت کردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بیرێکی دێرینی سەردەم بەسەرچووە کە لە ئاینەوە

سەرچاوە دەگرێت. (لە کن شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە، نە ناکۆکی لە نێوان خۆشەویستی و شۆڕشدا هەیە، نە پێشمەرگە فریشتەیە و نە شۆڕشی هەژارانیش دەست دەنێتە بینی دڵداران.)(٢١)
شاعیری نوێخواز بە ناخی قارەمانەکەیدا شۆڕ دەبێتەوە، بە تریفەی سەرنجەکانی کانیاوی دەروونی ڕۆشن دەکاتەوە، مرواریی خەم و خولیا و خەوەکانی نیشان دەدات، پەردە لەسەر ململانێ و کێشە دەروونی و فیکرییەکانی لا دەدات، وەک مرۆڤێکی زیندووی ڕاستەقینە، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە پێشکەشی خوێنەری دەکات و تەنیا وێنەی دیوی دەرەوەی ناگرێت. هەزاران ساڵ لەمەوبەر ئەوی وەک لەشولار کەڵەگەت و پتەو نەبووایە، ئەوە وەک جەنگاوەر دەستی نەدادا و هەر بە منداڵی لە دوندی چیا بەرزەکانەوە بەر دەدرایەوە، ئەو سەردەمانە توانای لەش محەکی پیاوەتی بوو، شێرکۆ بێکەس لە هەمان تێڕوانینەوە پاڵەوانی شیعری (پیاو)مان پێ دەناسێنێت.

منالینە پێش چەن ساڵێک پیاوێک هەبوو
تەماشا کەن تا کوێ دەستم هەڵبڕیوە
وا کەڵەگەت،
ناوشانی پان،
مل بەرز و کەڵ،
لەش پڵنگی،
ڕەوت گورجوگۆڵ،
ماسوولکەی ڕان وەک بەرد پتەو،
ئێوە کەستان هەر نەبوونبوون
کە ئەو پیاوە
پڵنگێکی ناو لێڕەوار و بێشە بوو. هەڵۆ، ل١٥١ و ١٥٢

ئەو زەمانەی شێرکۆ بێکەس باسی پاڵەوانی (پیاو)ی پێ دەکات، کوتومت لەو زەمانە دەچێت، کە (ئەدگار بۆزۆ) باسی (تەرەزان)ی پێ کردووە. قارەمانە سەرەکییەکانی (چیرۆکەکەنی دۆن)ی شۆلۆخۆف، کە ئەو پێشمەرگانەن داکۆکی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکەن، هەموویان کەسانی ئاسایین و توانایەکی سنوورداریان هەیە و لە کەموکووڕیش بەدەر نین، ئینسانن بە هەموو مانای وشەکە، پڵنگ و شێری جەنگەڵ نین.

با سەیوان کورتەباڵاش بێ
بەڵام لە هەناوی ئەودا
دەیان هەڵگورد سەر دەر دێنێ،
کانی هەیە کونی چاوی زۆر بچووکە،
بەڵام بە تەنها تینوێتی
بێشەیەکی چڕ ئەشکێنێ. هەڵۆ، ل٦٠

شاسوار جەلال گەر چی لاواز، کورتەباڵا و چاوکز بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو کەموکووڕییانەشدا! کە بە لای شێرکۆ بێکەسەوە پاژنەی ئاشیلی (ئارام)ن، هێشتا چاوپۆشی دەکات و دەرگای شیعر بە ڕووی ئەو جۆرە کەسە لاواز و کورتەبنە و چاوکزانەشدا داناخات. ئەم تێڕوانینە بێجگە لەوەی وەک هونەری چیرۆکەشیعر، سەرنجدانێکی ڕووکەشانەیە، لە ڕووی فیکریشەوە ڕەنگدانەوەی دیتنێکی دواکەوتووە.
شێرکۆ بێکەس دەیەوێت، بڵێت: پاڵەوانی (پیاو) کەڵەگەت و لەشپتەوە، بۆیە قارەمانی داستان و پڵنگی دارستانە، بەڵام (ئارام)ی کورتەبنە و لاغر و چاوکز، لەبەر ئەوەی بە ڕێکەوت، جۆرە مرۆڤێکی دەگمەنە، بۆیە پاڵەوانی

داستانە، ئەگەر نا بە گشتی خەڵکانی باڵانزم و بێهێز هیچیان لە باردا نییە، ئەمەش دووبارەکردنەوەی تێروانینە دێرینەکەی سەرکردە ڕۆمانییەکانە کە هێندە سووک سەرنجی ئینسانی بێهێزیان دەدا، لە لوتکەی چیاکانەوە، بەریان دەدانەوە.

(ئەو ئالایەی نەتەوەپەرستانی عەرەب بە هەموو باڵ و توێژەکانییەوە بڵندی کردبووەوە، جارێکی دیکەش لە قوڕ و لیتە هەڵکێشرایەوە.)(٢٢) نەتەوەپەرستی بەرچاوتەسکی کورد و ناسیۆنالیستی عەرەب وەک ڕووخسار دوو دەعبای جیاوازن، وەلێ لە ناوەڕۆکدا لە یەک سەنگەرەوە تەقە لە سنگی چەوساوەکانی کورد و عەرەب دەکەن، ستراتیژی هەردوو لایان کۆنترۆڵکردن و دۆشینی چەوساوەکانە و داکۆکیکردنە لە دەسەڵات و دراو. مارکس دەڵێت: (چارەنووسی هەموو شۆڕشە نیشتمانییەکان، بە چارەنووسی پرۆلیتاریاوە بەندە، تا کرێکار کۆیلە بێت، نە هەنگاریایی، نە پۆڵۆنیایی و نە ئیتالیایی ئازاد نابن.)(٢٣)

لە سکی ماسیی دیجلەدا

ماسیی سیروان ئەبینمەوە.(٢٤)

بۆرژوای کورد و عەرەب ئەگەر چی دوو ڕۆڵی جیاواز وازی دەکەن، وەلێ هەردوو لایان بەشداری لە نمایشکردنی هەمان شانۆگەریدا دەکەن و بەرەو هەمان ئامانج هەنگاو دەنێن، ئەویش سەرلێشێواندن و فریودانی چەوساوەکانی هەردوو نەتەوەکەیە، بەو مەبەستەی ڕۆژی هەرەسهێنانی سیستەمی سەرمایەداری دوورتر بخەنەوە. ناسیۆنالیستی عەرەب چەندان ساڵە ئەو دەهۆڵە دەکوتێت کە گەلی کورد هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات، نەتەوەپەرستی بەرچاوتەسکی کوردیش گەلی عەرەب، وەک دوژمن بە گەلی کورد دەناسێنێت. چەوسێنەران بە مەبەستی درێژەدان بە تەمەنی جیاوازییە سەرەکییەکە کە جیاوازیی چینایەتییە و هەوێنی هەموو چەوساندنەوەیەکە، بەردەوام ڕووناکی دەخەنە سەر جیاوازییە لاوەکییەکانی لە بابەتی جیاوازیی زمان، ڕەنگی پێست، ئایین و ئایینزا.

دە ساڵە بەرداشی لی نەوسن

داربەڕووی لەشم ئەهاڕێ.(٢٥)

شێرکۆ بێکەس نەک هەر ئەو فیکرە بەرجەستە دەکات، بەڵکوو داهێنانی نوێش دەخاتە سەر جۆخینی فیکری ڕاسیزمی کورد. لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستی کوردەوە، تاقە یەک جیاوازیی لە نێوان کورد و عەرەبدا هەیە، ئەویش جیاوازیی نەتەوەییە، شاعیر گۆمێکی لێڵی تریش بۆ نەتەوەپەرستی بەرچاوتەسکی کورد دەستنیشان دەکات و کەرەسەی ڕاویشی دەداتە دەست:

عاشوور حەمدان

لە وڵاتی لم و عوجاجەوە هات و

ئێستە دانیشتووی وڵاتی گوێز و بەفرە.(٢٦)

بە پێی فیکری شێرکۆ بێکەس، یەکێکی تر لە جیاوازییەکانی نێوان کورد و عەرەب، جیاوازیی نێوان سروشتی کوردستان و عەرەبستانە، عەرەب پەروەردەی نێو لم و ئاشنای عوجاجن، بەڵام کورد هۆگری ڕەنگی بەفر و قاسپەی کەون!

کە عاشوور هات

لە حوشترێکی لەڕ دەچوو،

ملی درێژ،

لاقی باریک،

چاوەکانی بەقووڵاچوو.(٢٧)

کورد ڕەگەزێکی پوخت و جوان و باڵان، عەرەب سەرکەچەڵە، ڕەشتاڵە و نەگریسن، هەر لەم تێڕوانینەوە، ئەڵمانە نازییەکان چونکە سەر بە ڕەگەزێکی پۆخت بوون، خوێنێکی پاک بە دەماریاندا دەگەڕا و سروشتێکی جوانیشان هەبوو، مافی ڕەوای خۆیان بوو، دنیایان بەو دەردە برد! پێشمەرگەکانی زەففار چونکە گۆشکراوی لم و عوجاج بوون، بۆیە شکستیان خوارد، (پۆلیساریۆ)ش چونکە بیابان بنکەیانە، دەبێت مل بۆ شای مەغریب کەچ بکەن!

بەر لە ئێستە

سەریفەیەک کە وەک دانی کلۆر وابوو

حەسیرڕزیو وەک تەڵەی مشک،

تەنگەبەر و درێژکۆلە

ماڵی ئەو بوو،

ماڵ ڕووتەڵە،

دە ساڵ پێشتر

عاشوور پۆلیسی بادیەی ڕۆژئاوا بوو،

وەک دەشتی کاکی بە کاکی

تەپوتۆز عومری قووت دابوو.(٢٨)

ڕاژەی هەژار کردن، لە سەنگەری ڕاسیستانەوە مەحاڵە، بە گوێرەی بۆچوونی ڕوونی شێرکۆ بێکەس، هەژاری یەکێکە لە خەوشە دێرینەکانی عاشووری بەعسی. عاشووری ئێستا داڵی چنگ بە خوێنی کورد سوور، پەروەردەی بنەماڵەیەکی هەژار بووە و برسێتی بەرەو پۆلیسی بردووە، کەواتە دەبێت هەر ئەو یاسایە سەروەر بێت کە لە دێر زەمانەوە زاڵ بووە، دەبێت هەر خانەدان، ئاغا، بەگ و بۆرژوا سەردار بن و بەری ڕەنجی هەژاران بخۆن! شێرکۆ بێکەس خۆی وەک (شاعیرێکی لات،)(٢٩) بە خوێنەر دەناسێنێت، کەچی هەژاریی بۆ عاشوور حەمدان بە کەموکووڕی لە قەڵەم دەدات، ئەو ئەگەر لە سەنگەری هەژارانەوە قسەی کردبا، نەدەکەوتە غەفڵەتی وەها کوشندەوە.

**سەرچاوەکان**


(١٤) د. حمادی حمود، الشعر و متغیرات المرحلە، ص٨١ دار الشؤون الثقافیە ١٩٨٦ بغداد.

(١٥) شێرکۆ بێکەس، تاسک، ل٥٤ و ٥٥ کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٨ بەغداد.

(١٦) هەمان سەرچاوە، ل٣

(١٧) جورج لوكاش، غوتە و عصرە، ت: بدیع حقی، ص٧٥، ٧٨ دار الطلیعە ١٩٨٤

(١٨) بیلنسكی، نصوص مختارە، ت: یوسف حلاق، ص٢٦٣ وزارە الثقافە ١٩٨٠ دمشق.

(١٩) رسول حمزاتوف، اراء و قصائد، ت: میخائیل عید، ص٢١ مكتبە میسلون ١٩٨٤ دمشق.

(٢٠) وفیق خنسە، جدل الحداثە فی الشعر، ص١١٢، ١١٣ دار الحقائق ١٩٨٥ دمشق.

(٢١) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢ و ٦٣

(٢٢) د. عبداللطیف الراوی، الشعر و العمل، ص٦ دار الجلیل ١٩٨٤ دمشق.

(٢٣) ماركس، النضال الطبقی فی فرنسا، مجلد١، جزء١ ص٢٦٣

(٢٤) شێرکۆ بێکەس، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ل٥٩ وەزارەتی ڕاگەیاندن ١٩٧٣ بەغداد.

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢

(٢٦) شێرکۆ بێکەس، داڵ، چ. شەهید جەمال تاهیر ١٩٨٧ کوردستان.

(٢٧) داڵ، ل٢٢

(٢٨) داڵ، ل٢

(٢٩) هەڵۆ، ل١٠٥